www.kurdistannet.org
11-9-02 02:16:04 1

# کۆمەڵگایەك؛ لە ڕەوەندی تراژیدیاکاند

جوتیار

سەرانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا؛ هێشتا خاڵی نەبونەتەوە لەو خواستە حەشاردراوانەی کە بونیادیترین فاکتن بۆ بەردەوامبوونی چارەنوسێك کە گەمەی تراژیدیاکان دەچەرخێنێ، رابەرانی بزوتنوەی کوردایەتی بە درێژایی زەمەنی لە دایکبوونی چەمکی نەتەوەگەری لە ناو کورددا دابراوانە لەو خواستەی خۆیان ؛ میکانزمێکی تر، رەهەندێکی بێ ئاراستە، هەڵیان دەگرێتو لەو دیو خواستو ئیرادەی سیاسی کۆمەڵگادا دەیانگێرسێنێتەوەو لە سەر پانتایی ئارەزوە ئینسانیەکانی ملیوێنەها بەشەر هێڵ دەکێشن و بە ناچاریش ئەو هاوکێشەیە ناو دەنێن (بەرژەوندی میللەت).ئەو پرسیارەی کە لەو هاوکێشەیەدا دەبێتە گرێکوێرە ئەویە، ئایا دەکرێ میللەت بە ئاگاو هەستیار نەبێ لە بەرامبەر بەرژەوەندی و ویستەکانی خۆیدا؟، تا چ ئاستێك ئەوە دەچێتە ناو لۆژیکی پەیوەندیەکانی نێوان دەستەڵاتو کۆمەڵگا!؟، دەشێ دوای ئەو هەموو گەمە کردنە بە ئیرادەوچارەنوس میللەت نەزانێ جارێکی تر روو لە کام شەرایتی حەیاتییە کە ئایندەی بوونو نەبوونی ئەوی پێوە بەستراوەتەوە!؟، ئەوانە پرسیارگەلێکن کە بەرە بەرە خریکە چەکەرە دەگرنو شین دەبن لە زیهنی تاك بە تاکی ئەو جەمعە ئینسانە کە ئێستا نە سەریان بە ئاسمانەوەیەو نە قاچیشیان لە ئەرزە.دەمێکی هەناسە سوارە؛ میللەت لە نێوان قوربانی و ئازادیەکانیدا غەرقی فەزایەکە کە تیایدا دڵە راوکەو ترس پەلی گرتونو نازانن دیسان کامە دەزوی قەدەرێکی سیاسیتر لە قاچیان دەئاڵێ و کامە سنورو کامە ئەنفالوو کامە بۆمب یەخەی مەرگیان پێ دەگرێ..کاریزما دیبلۆمات– سیاسیەکانی کورد لە پەنای هەناسەدانێکی ئەو کۆمەڵگایە کە لە دەسپێکی دەیەی نەوەدوە بە ئیرادەو هێزی خودی جەماوەر بە دەستهێندرا، گەرەکیانە ئەورۆ ئەو واقیعیاتە پێچەوانە بکەنەوەو بە خەڵك بڵێن نەخێر ئەوەی کە ئێوەی دەرباز کردوە (گۆدۆیەك)ی نێردراوی تەرەف خودایە ؛ بۆیە پێویستە ئێوە بیر لە شتێك نەکەنەوە کە پێی دەگوترێت هێزو ئیرادەی کۆمەڵگا..کۆمەڵگا بۆ رەهایی و خۆشبەختیەکانی خۆی و دەربازبوونی لە بازنەی تراژیدیاکان ئازادی ناسیوە ؛ نەوەك بۆ ئازادی دان بە رەوەندێك کە دەرگای کارەساتەکان لە رووی خەلکیدا ئاوەڵا دەکات..مێژووی بەیەکەوە گرێدراوی کارەساتەکان روو بەو مرۆڤە راهاتوانە بە کارەسات *، جیاوازیەکی نییە بە راهاتنی رابەرانی ناسیۆنالیزم بە بێهیوایی..خەڵکی کوردستان هەراسان بوو لە راگرتنی دەستی لە سەر دڵی؛ تا بزانێ ترپەکانی؛ بەشی چارەنوسو چاوەروانیەکی دی دەکات، چونکە هەمیشە تراژیدیایەك لەو چاوەروانیەیدا لەبەر دەمیایەتی..من پێم وایە قۆناغی ئەورۆی گوزەرانوژیان لە کوردستاندا حەساسترە لە هەموو ئەو ئاڵوگۆرانەی کە ئەحزابی کوردی وێنای دەکەنو لایان وایە ئیتر سەردەمی (پرۆئامریکایی)بوون خاڵی نەجاتو بردنەوەی گرەوەکانیانە لە ململانێیەك کە نازانن خۆیان لە کام گۆشەی مەیدانەکەی دا جێگیر بو ون، بەدەر لەوەش ئەو نا یەکانگیریەی هەڵویستو بۆچونە سیاسیەکانی هەردوو حیزبی کوردی جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەوان کارنامەیەکی سیاسی شاملو ئایندەیەکی رۆشنیش بۆ ئەو ناوچەیە لە هەگبەیاندا نییە تا لە بەرامبەر کۆمەڵگاو خەڵکی کوردستاندا بەیانی بکەن..کۆمەڵگا لەو رەوشە حەساسەدا پێویستی بە دڵنیایەکی پراو پر لە ئومێدو هیوا هەیە تا بزانێ چارەنوسو دوا رۆژی لە گەڵ هەر ئاڵوگۆرێکدا چییەو بە کوێ دەگات، نەوەك هەر وەك لێدوانێکی بێ بەرەنجامی هەر رۆژەیی و وتارێکی سیاسی نا کامڵ کە جگە لە ترسو رەشبینی شتێکیتر بە خەڵك نابەخشێ، سەر باری هەموو ئەوانەش خۆ مەلأسدانو میلیتاریزەکردنی سنورەکان لە لایەن ترکیا–ئێران– عێراق، ئاماژەیەکی تری روودانی کارەساتێکە لەو ناوچەیەدا لە گەڵ هەر چرکە ساتێك کە ئامریکا روو بە رژێمی بەعس ئەنجامی بدات، ئایا ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا تا کوێ راستگۆیانە رەوشی ئاڵوگۆرو روداوەکانیان لە ئێستاوە بۆ ئاینده بە خەڵك راگەیاندوە؟، یاخود گەرانتی رونەدانی تراژیدیایەکی تر بە خەڵك دراوە تا سەرانی ئەحزابی کوردی ئاوا بێباکانە بچنە خانەی ململانێ و شەرە نا ئینسانیەکانی ئەو دو قوتبە دژ بە ئینسانە؟!.خەڵکی کوردستان دەبێت زۆر ئاگایانە لە گەڵ رەوەندی ئەو ململانێیانەدا مامەڵبکاتو وە پێویستیشە هەر لە ئێستاوە فشار بخەنە سەر ئەحزابی دەسەلأت بۆ وەلأم دانەوە بە هەموو ئەو ئەگەرە ترسناکانە کە لە بەر دەمیاندایە، ئەگەر نا (دیبلۆماسیەتی نهێنی)دادی ئەو چارەنوسە رەشە نادات کە لە ئایندەدا روو بەو کۆمەڵگایە دەبێتەوە...

*پێناسەیەکە کە ناسیونالیزمی کورد فەخری پێوە دەکات

9.sep.2002